# بێکێت و لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا

دکتۆر ئەحمەد کامیابی[1]
لە فارسییەوە: هونەر شاهۆ

## کورتەیەک

ساموێل بێکێت یەکێکە لە بەناوبانگترین نووسەرەکانی سەدەی بیستەم، ئەو تەواوی ژیانی پڕ بوو لە شێواویی و زیاتر تەمەنی لە گەڕان و کۆچکردندا بردەسەر بێکێت وێڕای ئەوەی، کە وڵاتەکەی خۆی جێهێشتبوو، بەڵام هەر خۆشیشی دەویست لەڕاستییدا خوێنەری زۆربەی بەرهەمەکانی، خەڵکی ئێرلەندایە. کەسایەتییەکانی تایبەتمەندیی ئێرلەندیان هەیە. ئەوان لە بارودۆخێکی گەمارۆدراو دان و لە چاوەڕوانیی خۆراکی مەرگ و ژیاندان. بێکێت هیچ بابەتێکی سیاسیی چەپیی یان ڕاستیی نەبوو و هەمیشە سەربەخۆ و مرۆڤانە دەمایەوە. لەبارەی بابەتەکانی خۆیەوە هیچ کاتێک قسەی نەدەکرد و هەر بەهۆی ئەمەشەوە، هەر کەس بەپێی توانای خۆی، شیکردنەوە بۆ بەرهەمەکانی دەکات و ئەوانەی، کە ئەویان نەناسیوە، بە کەسێکی دڵتەنگ و بەرهەمەکانی بە ناڕوونیی دەهێڵنەوە. شانۆنامەی «لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا»، بە بەرهەمی کلاسیکیی سەدەی بیست دانراوە. گۆدۆ، ناوێکە، کە هیچ پێوەندییەکی بە خوداوە نییە لە زمانی ئینگلیزییدا. بەپێچەوانەی زۆر لە ڕەخنەگرانی سەردەمی جەنگی سارد، ئەم شانۆنامەیە نە پووچە و نە نائومێدکار جیهانی ئامادەی ئەو، لەو شوێنەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە دنیای نادادپەروەرەکاندا، جەنگ، درۆ، ئازار، تۆمەت، داگیرکارییەکان و هەموو مرۆڤە چەوسێنەرەوەکان لە چاوەڕوانیی ڕزگاربوون و دۆزینەوەی ئومێدی مانایەکن بۆ ژیان.

## لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا

لەچاوەڕوانیی گۆدۆدا، شانۆنامەیەکە لە دوو پەردەدا، کە لەنێوان نۆی ئۆکتۆبەری ١٩٤٨ و کانوونی دووەمی ١٩٤٩، بە شایەتی دەستنووسەکانی بێکێت، بە زمانی فەرەنسی نووسراوە و لە ساڵی ١٩٥٢ چاپ کراوە، لە سێی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٥٣ش بۆ یەکەمین جار بە دەرهێنانی ڕۆجێر بلان لە شانۆی بابیلۆن لە پاریس نمایش کرا. تاوەکو ساڵی ١٩٥٢، کە کاتی چاپکردنی شانۆنامەکە بوو، بێکێت چەندین جار، لەکاتی بەڕێوەبردندا لەلایەن ڕۆجێر بلان ڕاستکردنەوەی، تیۆرەکان و گۆڕینی پێشنیارەکانی ئەوی لە وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەدا بەکارهێنا. بەڕێوەبردنی ئەم وەرگێڕانە (بە دەرهێنانی ئالن شنایدەر)، بە بیروڕای بێکێت، باشترین بەڕێوەبردنی شانۆیی بووە، کۆتا چاپ، دواجار لەساڵی ١٩٦٥ ئەنجام درا. لەچاوەڕوانیی گۆدۆدا، لە ساڵی ١٩٨٨ لە لاهە (هۆڵەندا) لەلایەن ژنانەوە بە دەرهێنانی خاتوون تۆنییل چوور ڕۆیشتە سەر شانۆ و بێکێت بە ناونیشانی ناڕەزایی، ئەم شانۆیە و تەواوی شانۆکانی لە هۆڵەندادا قەدەغە کرد. لە ئەڵمانیا و فەرەنساش، ڕێگریی لەوە کرد، کە ئەو شانۆنامەیە لەلایەن ژنانەوە بەڕێوە ببردرێت.

ئەم شانۆنامەیە، کە تاوەکو ساڵی ١٩٦٤، تا ڕادەیەک بۆ تەواوی زمانە زیندووەکانی دنیا (زیاتر لە چل زمان) وەرگێڕدرا، لە ساڵەکانی سەرەتادا بەڕێوەبردنی، زیاتر لە هەر شانۆنامەیەک ڕەخنەی لێگیرا و هەندێک لە بینەران بەهۆی ئەم ڕەخنەیانەوە، کە: ناتوانرێت زیاتر لە دوو کاتژمێر گوێ بگیرێت بۆ گفتوگۆی دوو کەسی سەرگەردان، کە لە بارەی هەر شتێکەوە، کە حەزیان کرد، قسان دەکەن و چاوەڕێی کەسێک دەکەن، کە نایێت و دواجار خەریکن کات بەفیڕۆ دەدەن، تەلاری شانۆیان جێهێشت.

**گۆدۆ کێیە؟**

گـۆدۆ کەسـایەتییەکی نائامـادەی شـانۆنامەکەیە، کـە بـە درێژایـی پەنجاوسـێ سـاڵ، چەندەهـا شـیکردنەوەی زۆری لەسـەر کـراوە، بەناوبانگترینیـان ئەمەیـە، کـە گـۆدۆ لـە GOdی زمانـی ئینگلیزییـەوە نزیکـە، کـە واتـای خـودا دەگەیەنێت. ئـەم گریمانەیـە لەوێـوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە سـەرەتا سـامویل بێکێـت ئەنگلۆسـاکسۆن و مامۆسـتای زمانـی ئینگلیزیـی بـووە و دواتـر شـایەتی نموونـەکان لـە ئینجیلـی پیـرۆز لـەم شـانۆنامەیەدا بوونیـان هەیـە. بـەڵام ئـەم مەبەسـتە زۆر ساکارانە و لەسـەر بنەمـای نەبوونـی ڕاسـتیی شـانۆنامەکەیە، چـوون هێنانـە بەرچـاوی خودایـەک بـە ڕیشـی سـپی و ڕەنگـی سپیپێسـت، لـە هیـچ دینێکـدا باسـنەکراوە و شـێوەکەی دیـاری نەکـراوە. خـودا دەتوانێت بە گریمانـەی شـوان، بە قەولی مەولانـا، بـەم شـێوەیە بێت، بـەڵام لەسـەر بنەمـای ئەرێنیـی و نەرێنیـی لـە زۆربـەی دینەکانـدا: خـودا جەسـتە نییـە، لـە هەمـوو شـوێنێکدا هەیـە، بینـەر و بەهێـزە... بەرانبـەر بـەم ڕێکخسـتنە:

خودا Dieu God _ Godot ئەمەش ناتوانرێت قبووڵ بکرێت.

پرسـیاریان لـە بێکێـت کـردووە، کـە گـۆدۆ چییـە و دەیەوێـت چـی بڵێت. بێکێـت وەڵامـی داوەتـەوە، کـە: ئەگـەر بمزانیبـا، ئـەوا لـە شـانۆنامەکەدا دەمگوت. لە شـوێنێکی دیدا دەڵێت: ئەگـەر گـۆدۆ خـودا بـا، مـن ئـەوم بـەم نـاوەوە دەنووسـی «بـەردەوام دەبێت»، کـە ئەمـە شـتێکی مسـۆگەرە، مـن ئـەوەی، کـە ویسـتم بیڵێم گوتـم.

نووسـەری ئـەم دێـڕە، لـە دواهەمیـن چاوپێکەوتنەکانـی لەگـەڵ سـامویل بێکێتـدا، لێـی دەپرسـێت: «ئێـوە وتووتانـە، کـە گـۆدۆ خـودا نییـە، بـەڵام بەهەرحـاڵ، ئـەو بـە گریمانـەی ئیسـتراگۆن و ڤیلادیمێـر، کـە خۆیـان بـە نوێنـەری تـەواوی بەشـەریەت دادەنێـن، ڕزگارکاری ئەوانـە، لەوانەیـە ئێـوە بیرتـان لـە مەسـیح نەکردبێتـەوە؟»

بێکێت وەڵام دەداتەوە:

نـا. کاتێـک مـن شـانۆنامەی لـە چاوەڕوانیی گـۆدۆم نووسـیوە، نـە بیـرم لـە مەسـیح کردووەتـەوە، نـە لـە خـودا و نـە لـە هیـچ کەسـێکی

دی.
ئیسـتراگۆن و ڤیلادیمێـر، کـە چاوەڕێـی گـۆدۆ دەکـەن، نازانـن، کـە ئـەو کێیـە و چـۆن چۆنییـە. لـەم ڕووەوەیـە، کـە لـە پـەردەی یەکەمـدا لـە (منداڵـە بچووکەکـە) دەپرسـن، کـە ئـەو چـۆن چۆنییـە. هەڵسـوکەوتی گـۆدۆ بـەو شـێوەیەی، کـە منداڵەکـە باسـی دەکات، ناکرێت هەڵسـوکەوتی خـودا بێت، چـوون گـۆدۆ لـەو منداڵانـە دەدات، کـە مەڕەکانیـان دەلەوەڕێنـن، لەگـەڵ ئـەو منداڵانـەدا مهرەبانـە، کـە بزنـەکان دەلەوەڕێنـن.
ئەگـەر ئـەم هەڵسـوکەوتە بـەراورد بکەیـن لەگـەڵ هەڵسـوکەوتەکانی ئینجیلدا، کاتێک، کـە کوڕی باوک بـە هەمـوو گەورەیییەکانیەوە لەگەڵ فریشـتەکاندا هاتـە خـوارەوە، لەسـەر تەختـی گەورەیـی دانیشـت و تـەواوی میللەتـەکان لەبەردەمیدا کۆبوونـەوە و تـەواوی میللەتەکانـی جیا کـردەوە لـە یەکدی. هـەر بەوجۆرەی. کە شـوان مـەڕەکان جیا دەکاتـەوە لـە بزنـەکان و مـەڕەکان لـەلای ڕاسـت و بزنـەکان لـەلای چەپی خۆیـەوە دانـا. (ئینجیلی ماتیۆ، سـورەتی ٢٥، ئایەتـی ٣٣- ٣١). هیـچ پێوەندییـەک لەنێـوان ئەمانـەدا نییـە.
تێگەیشـتنێکی تـەواو گرینـگ و لـەم کاتەشـدا دژ لـە مەسـیحیدا بوونـی هەیـە، کـە مـرۆڤ، ئـازادی خـۆی لـە کۆیلایەتیـدا دەدۆزێتـەوە. تاکـی مەسـیحی کۆیلایەتیـی، کـە خـودا دەیسـەپێنێت بەسـەریدا، قبووڵـی دەکات چـوون لـە ئەنجامـدا تـەواوی ئازادیـی دەدۆزێتـەوە لەناویـدا و دەپارێتـەوە: سنیور، وەک کۆیلەیـەک قبووڵـم بکـە، تاوەکـو ئـازاد ببـم. بەچێچەوانـەی ئەندێشـەی ئۆرتۆدۆکسـیی، کـە مەسـیحیەت بـڕوای بـەوە هەیـە خـودا دێـت بـۆ بینینـی بەندەکانـی، گـۆدۆ هەرگیـز نایـەت. لـە تـەواوی شـانۆکەدا، هیـچ کەسـێک نایـەت، هیـچ کەسـێک نـاڕوات و هیـچ شـتێک ڕوونـادات. بەرانبـەر بەمـە ناتوانرێـت هیـچ پێوەندییـەک لەنێـوان خـودا و گـۆدۆدا هەبێـت.
گـۆدۆ دەتوانێـت دیـاردەی یەکڕیزیـی بەشـەریەت بێـت، یـان ئومێـدی مـرۆڤ بـۆ ئـەو شـتەی، کـە لـە ژیانیـدا نییەتـی. ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ جووڵانەوەیەکـی نـوێ، کـە هێزێکـی تـازە ببەخشـێت بـە ژیانـی.
گریمانەیەکـی دی هەیـە، کـە پێدەچێـت زۆر سـاکار بێـت. ئیسـتراگۆن و

ڤیلادیمێر ناوی سەیر دەبەخشن بە یەکدی، دی دی و گوگو. ئەوان بەردەوام بەیەکەوەن، بەڵام یەکگرتنی هەقیقیی ئەوان، هەقیقەت قبووڵ ناکات، یان بەشێوەیەکی نەرێنیی قبووڵی دەکات. وەک ڕستەی خۆکوژیی هاوبەش، کە بە هیچ شێوەیەک پەیوەست نییە بە هەقیقەتەوە. گریمانەکە ئەوەیە، کە گۆدۆ دەتوانرێت ڕێکخستنێک بێت لەم دوو ناوە:
.Godot  Di Di + Go Go

**کەسایەتییەکانی دی**

---------

لە شانۆنامەی لە چاوڕوانی گۆدۆدا، ئیستراگۆن کێشەی لەگەڵ ئازاری پێیەکانیدا هەیە و ڤیلادیمێر کێشەی میزکردن و خووراندنی سەر. پۆزۆ و لەکیش لە پەردەی دووەمی شانۆکەدا، بە شێوەیەکی کوێر و لاڵ دەردەکەون. بابەتی کەسایەتیەکانی بێکێت لە جۆرە بابەتێکی ئاساییدا نییە، بەڵکە زیاتر، بابەتی ئەودیوسروشتن. ئەوان لە قسەکردندان لەسەر مانایەک بۆ ئەم ژیانە هەرەڕۆژیییە، کە پڕە لەو بارودۆخ و دەرفەتانەی ناتوانرێت بەرگەیان بگیرێت، پڕ لە ئازار، ڕەنج و ڕووداوی چاوەڕواننەکراو. ڤیلادیمێر کوێرە، کوێر دەگەڕێت بۆ مانایەک بۆ ژیان، بەڵام نایدۆزێتەوە و ناچار پەنا دەباتە بەر بێدەنگیی. کەسایەتییەکان لەگەڕاندان بۆ ناسینی خودی خۆیان و گەڕانەکانی ئەوان زۆربەیان دەروونیین. ئەوان لە ڕووی جەستەییەوە ناتەواون و دەرهاتوون لە حاڵەتە ئاساییەکان، دنیای ئەوان دنیایەکی داخراوە. وەک بڵێی ئەوان لەم دنیا داخرا و بێجووڵەدا، چوونەتە ژێر میکرۆسکۆپ و شیکاریان بۆ دەکرێت. وەک کەسایەتیەکانی شانۆنامەی کۆتاییی گەمە، کە لە ژوورێکی چۆڵدا، بە ڕووناکییەکی کەمەوە، کە لە پەنجەرەکانی سەرووی دیوارەکەوە دێت، یان لە شانۆنامەی ڕۆژە خۆشەکاندا، کە ویلی زیندانی زیخەکانی سنکی زەوییە و وینی وەک بڵێی لەخوار ئەم تەپۆڵکەی زیخەوە بە زنجیر بەستراوەتەوە و ڕاکێشراوە. تەنیا، لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا، لە شوێنێکی جیاواز لەگەڵ شوێنەکانی

تری شانۆنامەکانی بێکێت، لە فەزایەکی کراوەدا بەڕێوە دەبرێت، بەڵام ئەم شوێنەش دووبارە هەم جیهانێکی داخراوە، لەبەرەوەی جادەی کەسە شێواوەکان لە ڕووی جوگرافییەوە هیچ پێوەندییەکی بە شوێنێکی ترەوەی ئەم سەر گۆی زەویەوە نییە و دوو کەسی شێواو، وەک بڵێی بۆ ئەم شوێنە، داخراون و هەرجارێک، کە بڕیار دەدەن بچن، بێجووڵە هەر بەوجۆرە دەمێننەوە. لەکی و پۆزۆش لە ڕاستیدا لەو شوێنە دیاریکراوەدا دەگەڕێن.

بێکێت بە هەڵبژاردنی ناوی کەسایەتیەکانی، ناسراوییەکی نێودەوڵەتیی و جیهانیی دەبەخشێت بە شانۆنامەکانی. ڤیلادیمێر ناوێکی ئەورووپایی ڕۆژهەلاتیی، ئیستراگۆن ناوێکی فەرەنسیی، لەکی ناوێکی ئینگلیزیی – ئەمریکایی و پۆزۆ ناوێکی ئیتاڵییە، بەڵام وادەرناکەوێت، کە بێکێت لەو کەسایەتیانەی، کە بەوانی بەخشیوە: ڤیلادیمێر بەئاگا و مرۆڤخواز و پۆزۆ، خاوەنی سەرمایە و چەوسێنەریی، ئیستراگۆن سادە و لەکی شاعیر و فەیلەسووف، کە کۆیلایەتیی قبووڵ کردووە، سەرنجێکی تایبەتیی هەبوو بێت. روفوس، شانۆکار و کۆمیدینووسی بەناوبانگی فەرەنسیی، کە لە دوو بەڕێوەبردنی شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا، بە تایبەت لە بەڕێوەبردنی تایبەتی بێکێت، دەورەکانی ڤیلادیمێر و ئیستراگۆنی بینیوە. لە گفتوگۆیەکدا، کە لەگەڵ نووسەردا هەیبوو لەبارەی کەسایەتیەکانی ئەم شانۆنامەیەوە، بەم شێوەیە قسان دەکات: لەم شانۆنامەدا دوو بەش چاوەڕوانیی تێدا دەکرێت. یەکەم، ڤیلادیمێر و ئیستراگۆن، کە ڤیلادیمێر خۆشبەختە و ئیستراگۆن کەمتر خۆشبەختە، دووەم پۆزۆ و لەکی، کە پۆزۆ نوێنەری پارە و دەسەڵاتە، لەکی نوێنەری شیعر و هزر یانی هێز و کولتوور لە تەنیشت یەکەوە دانراون. پۆزۆ چاوەڕێی گۆدۆ ناکات. ئەو بەرپرسیاریەتیی گرتووەتە ئەستۆ و چاودێریی ئەوانی دی دەکات. لەکیش جگە لە شیعرەکانی خۆی، چاوەڕێی هیچ کەسێک و هیچ شتێک نییە، ئەویش شێت و لاڵ دەبێت. ئەم دوو کەسە لە ماهیەتێکی فراواندا بەهرەمەند و تەنیا سادیس (ئازاردانی ئەوانی دی) و مازۆشیست (ئازاردانی خود) نین. چیرۆکی ئەوان دەتوانرێت چیرۆکی دوگل

و ئاندره مالرو بێت. ئەگەر شاعیر زۆر لە توانا نزیک بوویەوە، دواجار ناچار دەبێت، کە شوناسی تواناکە بگوازێتەوە.

## فەزای شانۆنامەکە

شانۆنامەکە، دوو پەردەی هەیە و بەڵام لە هەردوو پەردەکەدا لە یەک شوێن و لەیەک کاتدا یانی لەسەر ڕێگەیەک لە دەرەوەی شارەکەدا، بەرەو ئاوابوونی خۆر دەڕوات. کەلوپەلەکانی شانۆکە، درەختێک و پارچە بەردێکە. زۆربەی گوتار و کردارەکانیش لە هەر دوو پەردەکەدا هاوشێوەی یەکدین، یان وەک یەک دووبارە دەبنەوە:

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، کردار لەیەک بارودۆخدا وەک یەک دەست پێدەکات.

لە پەردەی یەکەمدا ڤیلادیمێر لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا، بە بینینی ئیستراگۆن دەڵێت: دووبارە تۆ لێرەیت!

ـ لە پەردەی دووەمدا ڤیلادیمێر دووبارەی دەکاتەوە: دووبارە تۆ، دووبارە، کە تۆ لێرەیت.

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، لەبارەی ئەو کوتەکەی، کە ئیستراگۆن خواردوویەتی، گفتوگۆ دەکرێت.

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، دڵتەنگیی ناڕەحەتیی لەبەر پێیەکانی ئیستراگۆن و پێڵاوەکانی قسە و کردار دێتە بەرچاو.

ـ لە هەر دوو پەرەدەکەدا، ڤیلادیمێر بۆ میزکردن دەچێتە دەرەوە.

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، گەمەی پێکەنیناویی لەبارەی گێزەر، شێلم و توورەوە هەیە.

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، ڤیلادیمێر کڵاوەکەی دادەگرێت و سەیری ناوەوەی دەکات، و دەیجووڵێنەتەوە و دەیکاتەوە سەری و ئیستراگۆنیش هەمان حاڵەت بە پێڵاوەکانی ئەنجام دەدات.

ـ لە هەر دوو پەردەکەدا، تەنیا سەیرکەرەکان، کوڕێک و پۆزۆ و لەکین و سەرەنجام هەر دوو پەردەکە، بە ڕستیەکی کورت دەگاتە کۆتایی، بڕۆین...؟ بەڵێ بڕۆین. بەڵام هیچ یەکێکیان ناجووڵێت.

ـ ئەم دووبارە بوونەوانە بۆ تێپەڕینی کات و پڕکردنەوەی کاتەکانی

چاوەڕوانییەکـە، دەبێت ماتیـی و بێدەنگییـە کورتودرێـژ خایەنـەکان بەهۆیانـەوە زۆرتـر بکرێـن. لـە تـەواوی فـەزای شـانۆنامەکەدا، فەزایەکـی چاوەڕوانکـراوە.

## درەخت

------

درەخـت، کـە لـە ڕوانگـەی بێکێتـەوە زیاتـر هاوشـێوەی داریچەیـەک بـووە، دارە بییەکـی گریاناویـی، یـان دارەبـی عاشـق، یەکێکـە لـە شـاعیرانەترین و درووشـمی وێناکردنەکانـی شـانۆنامەکە، چـوون دارە بییەکـە گریاناویـی، فرمێسـکەکانی ونکـردووە. لـە کولتـووری ئێمـەدا، دارەبـی عاشـق، درەختێکـە، کـە لەسـەر گـۆڕی دوو عاشـقی ناکام ڕوواوە و بەهـۆی شکستی عەشقی ئەوانـەوە دەگرییێت، چڵ و گەڵاکانـی بەسـەر گۆڕەکانیانـدا شـۆڕ دەبێتـەوە.
لـە ڕوانگـەی دیاردەناسـیی ڕێبازیـی (مەزهەب)یـەوە، درەختـی گریاناویـی (عاشـق) لـە مەسـیحیەتدا نیشـانەی سـەلیبە، کـە عیسـای مەسـیحیان لەسـەری لـەدار داوە. درەختـی بـی لـە مەسـیحیەتدا نیشـانەیەک نییـە بـۆ نائومێدیی، بـە پێچەوانـەوە لـە ڕووناکیی ڕۆژی خـودادا، نیشـانەیەکە بۆ ئومێد و پیرۆزیی لـە دژی هێـزە جیهانیـەکان. درەخـت، لـە شانۆنامەکەشـدا، نیشـانەیەکە بـۆ ئومێـد، چـوون لـە پـەردەی دووەمـدا گـەڵا دەکات، کـە نیشـانەیەکە بـۆ بەهـار و هاویـن، نیشـانەیەک بـۆ ژیـان.

## چاوەڕوانیی گۆدۆ لە ڕوانگەی هاوڕێدەرهێنەرەکانی بێکێتەوە

بێکێت، لە ئەڵمانیا هاوکاری گرووپی سن کانتنی شـانۆی وۆرکشـۆپی دەکـرد و زۆربـەی شـانۆنامەکانی بۆ یەکەمین جار لـەم کیشـوەرەدا بەڕێـوە بـراوە و ڕۆیشـتوەتە سـەر شـانۆ. خـودی بێکێت، کارکردنـی لـە ئەڵمانیـدا زۆر خـۆش دەویسـت، چـوون لـە ئەڵمانیـادا زۆر بـە شـێوەیەکی باش کاریان دەکـرد. هـەر لـەوێ بـوو، کـە شـانۆنامەی لـە چاوەڕوانیـی گـۆدۆدا بـە هاوکاریـی واڵتـەر ئاسـموس بردرانـە سـەر

پەردەی شانۆ. (شانۆی ئەلمانیا شانۆیەک نییە بۆ بازرگانییکردن و دەوڵەت پشتوانی دەکات.)
ئاسموس، بڕوای بەوە هەیە، کە بابەتی سەرەکیی لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا تەنیا چاوەڕوانییە و هیچی دی. خودی چاوەڕێکردن مانا دەبەخشێت بە ژیان، فەلسەفەیەکە، کە تەنیا دەتوانێت جێگەی سەرنج و تێڕامان بێت لە کاتێکدا، ئەگەر بارودۆخی ئابووریی دەرفەت بدات. ئەڵمانیەکان دوای جەنگی جیهانیی، دەرفەتی چاوەڕێکردنیان نەبوو و مانای ژیانیان لە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی لایەنی ئابووریی، سیاسیی و کولتوورییدا دەدۆزیەوە. بەرانبەر بەمە بەڕێوەبردنی شانۆنامەی گۆدۆ، تاوەکو ساڵی ١٩٦٠، لەگەڵ بەڕێوەبردنی ئەودا لە ساڵەکانی کۆتاییدا زۆر جیاوازیی هەیە.

**لێکدانەوە**

کاتێک پرسیارم لە ئاسموس کرد بە بەڕێوەبردنی شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا، دەتەوێت چ شتێک بە بینەران پیشان بدەیت؟ وەڵامی دایەوە:
بێکێت، نایەوێت ژیان لە شانۆنامەکانیدا پیشان بدات. منیش دەمەوێت ئەم خاڵەی بێکێت لەبەرچاو بگرم. من نامەوێت لەسەر پەردەی شانۆ ژیان پیشان بدەم، بەڵکە دەمەوێت ئەوە پیشان بدەم، کە دەکرێت لەگەڵ ئومێددا، لەگەڵ بچووکترین ئومێدەکاندا، تەنانەت ئەو شتە بچووکانەی، کە ژیان ڕێکدەخەن، بژین. ئەمە گرینگە، کە بە چاوەکانی بێکێت ببینین: ژین بە جۆرێک بێت، کە بەهۆی خودی ژیانەوە نەکەوین.
روفوس، شانۆکاری بەناوبانگی شانۆی فەرەنسا، بۆچوون، بەڕێوەبردن و پرسەکانی لەبارەی شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆوە بەم شێوەیە باسدەکات: من چەند جارێک بەڕێوەبردنە جۆراوجۆرەکانی شانۆنامەی لە چاوەڕوانیی گۆدۆم بینیبوو. زۆربەیان سست بوون، لەبەرەوەی هەڵگری دەرهێنەرانی ئەم ڕستەی شانۆنامەیە ئەمە بوو: (ناتوانم ئیدی بەردەوام بم). بەڵام بەڕێوەبردنی ئەتومار کرچکا، دەرهێنەری فەرەنسی، بنەڕەتی

ڕستەی (ناتوانم ئیدی بەردەوام بم)، کردبوو بە (کەواتە بەردەوام دەبم). بەڕێوەبردنەکانی پێش ساڵی ١٩٦٠، زیاتر لەسەر بنەڕەتی ناتوانم ئیدی بەردەوام بم بوو، چوون دڵتەنگیی و نائومێدیی مۆدێلی ڕۆژ بوو. من هەرگیز ئەم مۆدێلەم قبووڵ نەکردووە. بە بڕوای من، ئەم شانۆنامەیە ئومێد بەیان دەکات...

بێکێت، ئێرلەندیی بوو و بە ئێرلەندیی بیری دەکردەوە. ژیانی ئەو، پڕ بوو لە ڕووداو، سەفەر و سەختیی. ئەو بە باشیی، هەژاریی و نەبوونییی مادیی و ڕووحیی مرۆڤەکانی ناسیبوو. نووسەرێکی ڕاستگۆ و نیشتیمانپەرست بوو، بیسەرەکانی لە پلەی یەکەم هاونیشتیمانیەکانی بوون. ئەو، بۆ هۆشی ئەوانی دەنووسی، تاوەکو واز لە جەنگە ڕێبازییەکان بهێنن، چاوەڕێی زیندووبوونەوەی کەسێکی سیاسیی نەبن و خۆیان پشت بە عەقڵ و ئەندێشە ببەستن لەلایەن ئازادیی و سەربەخۆییی تەواوی سەرزەویەکەیان.
بێکێت، نووسەرێکی پووچخواز نەبوو. شانۆکانی، شانۆی پووچخوازیی و نائومێدیی نییە. ئەو تەنیا بارودۆخە سستەکان و دڵتەنگییەکانی ژیان، لەم دنیا نادادپەروەرانەیەدا، جەنگەکان، ئازارەکان و برینەکان، درۆ و سووکایەتیەکان، داگیرکاریی و چەوساندنەوەکانی پیشان دەدا. بەو ئومێدەی، کە لەم ڕێگەیەدا، کە لە ڕەحمی دایکەوە دەست دەکات و بە گۆڕ کۆتاییی دێت و کورتە، دوورن بن لە کوشتن، ئەشکەنجە و ئازاردانی ئەوانی دی و هەمووان بە یەکەوە میهرەبان بن.

**پەراوێزەکان:**

١- مامۆستای زانستگە، لە هونەری شانۆ و مۆسیقا، بەرپرسیاری هونەرە جوانەکان، زانستگەی تارات، تاران، ئێران.

**سەرچاوە:**

بکت و چشم به راه گودو، دکتر أحمد کامیابی.